بۆ: NRT

بابەت: ڕونکردنەوە و ڕاستکردنەوە

کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی گشتی-سنوردار کۆمپانیایەکی تورکی-بەریتانیە کە تۆمارکراوە لە بازاڕی پشکەکەکانی لەندەن وە لەبواری دۆزینەوەو و دەرهێنانی نەوت و غاز لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە هەرێمی کوردستان بەپێی چەند گرێبەستێک لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند کێڵگەیەکی نەوت و غاز کاردەکات.

کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای ئەداکس پێترۆلیوم لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆمپانیای نەوتی تەق تەق- سنوردار (TTOPCO)ی دامەزراند کە لە ناوچەی تەق تەق لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات و گەنەڵ خاوەنی٤٤%ی پشکەکانە تیایدا. هەروەها گەنەڵ خاوەنی ٢٥%ی پشکەکانە لە کێڵگەی نەوتی تاوکێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت هەندێک ڕونکردنەوە و ڕاستکردنەوەتان پێ بدەین دەربارەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە لەم دواییانەدا بڵاوکرایەوە لە وێبسایت و کەناڵی NRT سەبارەت بەئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانەوە، لەناویاندا هەریەکە لە کێڵگە نەوتیەکانی تەق تەق و تاوکێ کە کۆمپانیای گەنەڵ سودمەندە بە پێی ڕێژەی پشکەکانی تیایاندا.

هەموو ئەو داتاو و زانیاریە ورد و باوەڕپێکراوانە سەبارەت بە ئاستی بەرهەم هێنان دەتوانرێت دەستەبەربکرێت لە وێب سایتی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنرجی. کۆمپانیا هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەرهەم هێنان و هەناردەکردنی نەوت لە چارەکی سێیەمی ٢٠١٦ لە بەرواری ٢٠١٦/١٠/٢٦ بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئاستی بەرهەم هێنان بۆ ساڵی ٢٠١٦

١. بەرهەم هێنان بەپێی کێڵگەکان لە چارەکی سێیەم ( لە ٢٠١٦/٧/١ بۆ ٢٠١٦/٩/٣٠) بەم شێوەیە بوو:

| کێڵگە نەوتیەکان | کۆی بەرهەم هێنانی ڕۆژانە (bopd) |
|---|---|
| تەو تەق | ٥٨،٦٠٠ |
| تاوکێ | ١٠٩،٢٠٠ |

٢. بەرهەم هێنان بەپێی کێڵگەکان بۆ ماوەی ٩ مانگ ( لە ٢٠١٦/١/١ بۆ ٢٠١٦/٩/٣٠) بەم شێوەیە بوو:

| کێڵگە نەوتیەکان | کۆی بەرهەم هێنانی ڕۆژانە (bopd) |
|---|---|
| تەو تەق | ٦٥،٤٠٠ |
| تاوکێ | ١٠٦،٠٠٠ |

داواکارین لە بەڕێزتان پێداچونەوە و ڕاستکردنەوەی گونجاو بکەن بۆ ئەو داتاو زانیاریانەی کە بڵاوکراوەتەوە لە وێبسایت و کەناڵەکەتان لە بەرواری ٢٠١٦/١١/١ بەپێی ئەو زانیاریانەی دەربارەی ئاستی بەرهەم هێنان بڵاوکراوەتەوە لە لایەن کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی وەک لەسەرەوە ڕونکراوەتەوە.
لەگەڵ ڕێزدا ....

کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجی گشتی-سنوردار